## هونەرمەند عەیشەشان (١٩٣٨ – ١٩٩٦)

# شاژنی بێ تاج و تەخت

**یەک لەبەناوبانگترین ژنە هونەرمەندی گۆرانیبێژی کوردە. سەرباری کێشەو ئاستەنگ و ڕێگرییەکانی دابونەریتی کۆمەڵگە، بەو پەڕی بوێرییەوە توانیویەتی لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بچێتە ناو هونەرو توانا دەنگی و بەهرە هونەرییەکانی خۆی لەو بوارەدا بسەلمێنێت. خزمەت و کارە هونەرییەکانی ئەو نموونەی خەبات و بەرخودانێکە. هەست و تێڕوانینێکی زۆر بێخەوش و جوانی بۆ گۆرانی و مۆسیقا هەبوو. وەکو ژنێکی پێشەنگی ئەو بوارە خزمەتێکی زۆری بەهونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردووە.**

ئا: دەحام لوقمان

### ژیان و پێگەیشتنی:

عایشە محەمەد عوسمان عەلی شان، ناسراو بە «عایشەشان»، ساڵی ١٩٣٨ لەشاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایك بووە. باوکی و دایکیشی ئەلیف خان لەبنەماڵەیەکی مەزن و ناسراو بوون. هەروەکو خۆی لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ بەشی کوردی رادیۆی بەغدا باسی دەکات؛ بنەچەی خێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری (بینگۆل)ی باکووری کوردستان، لەعەشیرەتی (جبریل)ن، ماڵی مامیشی کە (حاجی موسا)ی پێدەلێن چوونەتە شاری ئەرزڕۆم. ئەمەش لەبەرئەوەی پێشتر لەئەنجامی شەڕەکانی نێوان عوسمانیەکان و روسیا، باپیرانی و خانەوادەکەی پەرتەوازەببوون.

عەیشەشان هێشتا منداڵ دەبێت کە باوکی کۆچی دوایی دەکات. بۆیە تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندنی بۆ تەواو دەکرێت. وەکو منداڵێکی سەرگەردان لەماڵی خوشکە گەورەکەی، کە سێ کچ و کوڕێکی هەبوو دەمێنێتەوە. ئەوانیش خێزانێکی هەژاربوونەو لە گەڕەکی (عربداشە) لەئامەد نیشتەجێ دەبن.

هەرلەمنداڵیەوە خولیای هونەری گۆرانی دەبێت، خێزانەکەشی لەسەرتاوە هەست بە حەزینی دەنگی ئەو دەکەن و پێی سەرسام دەبن، بەهرەی (هونەرمەندی دەنگبێژی) گۆرانی گوتنی تێدا دەبینن. بناغەی هونەری دەنگبێژی ئەو لەژێر کاریگەری باوکی و لەڕێی خوێندنی قورئان و هەڵبەستی دینییەوە دەبێت. چونکە باوکی هەم سۆفی و کەسایەتیەکی ئاینی بوو، هەمیش دەنگبێژەکی ناسراوبوو. بەڵام لەبەرئەوەی باوکی گۆرانی تۆمارکراوی نابێت، بۆیە حەسرەتی ئەوەدەکات رێچکەی باوکی بگرێتەبەرو نوێنەرایەتی ئەو بکاتن لە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی گۆرانی.

### ناوبانگییەکەی:

عەیشەشان وەکو هونەرمەندێك لەشاری عینتاب ناوبانگی دەرکرد. بەشێوازێکی راستەوخۆ بە ئامێری مۆسیقی گۆرانی دەگوتن. بەشداری شایی و ئاهەنگەکانی دەکرد، بەهۆیەوە لەرادیۆ ناوبانگی زۆری دەرکرد. سەرەتا بەزمانی تورکی گۆرانی دەڵێت، دوای ئەوەی بەزمانی کوردیش گۆرانی گۆت، لەڕادیۆ دەریانکردو پێیانگوت قەدەغەیە بەزمانی کوردی گۆرانی بڵێیت.

دوای نزیکەی دوو ساڵ کارکردن لە رادیۆ، ساڵی ١٩٦١ شاری عینتاب جێدەهێلێت و دەچێتە ئەستەنبۆل. لەوێ چالاکی هونەری زیاتر دەبێت و زۆرتر دەناسرێت. بەتایبەت کە لەساڵی ١٩٦٣ یەکەم بەرهەمی بەناوی (ئەز خەزالم- Ez Xazalim) کە نیوەی بەتورکی نیوەشی بەزمانی کوردی (کرمانجی) تۆماردەکات. ئەمەش جورئەت و بوێرییەکی گەورەبوو لەوکاتەدا گۆرانییەك بەمانی کوردی تۆماربکەیت، لەبەرئەوەی لەلایەن حکومەتەوە زمانی کوردی رێگەپێنەدراو و قەدەغەبوو.

لەتۆمارکردنی یەکەمین بەرهەمی، تواناو بەهرەی دەنگی ئەو لەتورکیا دەنگی دایەوەو گەورە هونەرمەندانی تورك وەك (عارف ساغ، زکی مورن، نوری سیسی کوزل، ئورهان کنجە بای....هتد) کەوتنە دژایەتی کردن و هەڕەشەکردنی و کەمکردنەوەی کارەکانی، بەوەی کە بەزمانی کوردی گۆرانی دەلێت. دژایەتی کردنی ئەوان بەوازهێنانی لەگوتنی گۆرانی بەزمانی کوردی لەکاتێکدابوو، کە دەرفەتی گۆرانی گوتنی لەڕادیۆو تەلەفیزیۆنی رەسمی تورکیا (TRT) بۆ رەخسا.

عەیشەشان لەڕادیۆی کوردی لەبەغدا:

عەیشەشان لەوڵاتەکەی خۆیەوە گوێداری زۆری



ڕادیۆی کوردی بەغدای دەکرد، بەتایبەت بۆ ئەو گۆرانیە کرمانجییانەی لەڕادیۆکەدا پەخشدەکرا. عەشق و خۆشەویستییەکی زۆریشی بۆ عێراق و خەڵکی عێراق هەبوو، تەمەننای ئەوەی دەکرد ڕۆژێك بێتن بتوانێت سەردانی عێراق بکات و لەڕادیۆی کوردی گۆرانی بڵێت.

ناوبراو ئەو ئاواتەشی هاتەدی کاتێك لەسەر داوای محەمەد عارف جەزیری و عیسا بەرواری، لەپایزی ١٩٧٨ دێتە عێراق و سەردانی بەغدا دەکات، ئەو کاتەی لەعێراق مایەوە، (١٢) گۆرانی لەڕادیۆو (٥) گۆرانیشی لەتەلەفیزیۆن لەبەغدا تۆمارکرد.

- گەڕانەوەی بۆ توکیاو دەستپێکی قۆناغێکی تازەی هونەری

ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە تورکیا، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی ئەو کاتەوە سزاو ئەشکەنجەی زۆر دەدرێت. لەسەر داواکاری هەندێك لەسیاسیانی کورد بۆماوەیەکی زۆر خۆی لەچاوان ون دەکات، لەو ماوەیەشدا لەبارودۆخێکی دەروونی ناخۆشدا دەبێت. تائەوەی دواتر لەسەردەمی تورغوت ئۆزاڵ (١٩٨٩- ١٩٩٣)دا لەساڵی ١٩٩٠ سێ گۆرانی کوردی تۆماردەکات و بڵاویدەکاتەوە ئەوانیش: Werin Werin Pesmerge، Newroz،) .(Diyarbekir

**کۆچی دوایی:**

دوایین دەرکەوتنی هونەرمەند بەرلەوەفاتکردنی ساڵی ١٩٩٢ بوو لەئاهەنگێکی (مرکز الپقافە والفنون الکردیە) لەئیزمیر. دوای ئەوە بەهۆی نەخۆشییەوە لەچالاکی هونەری دەکەوێت و لەچاوان ون دەبێت. تاوەکو لە ڕۆژی ١٩٩٦/١٢/١٨ بەهۆی نەخۆشییەوە لەشاری ئیزمیر کۆچی دوایی دەکات. وەسیەتی کردبوو تەرمەکەی لە شاری ئامەد بەخاك بسپێرن، بەڵام وەسیەتەکەی جێبەجێ نەکرا.

سەبارەت بە ناشتنی تەرمەکەی باس و خواسی جیاوازی لەبارەوە دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی تۆرانیزمی تورکیا، کە بەشێوازێکی تا ڕاددەیەك نهێنی و بەبێ مەراسیم بەخاك سپێردراوە. دەگوترێت دەنگ و باسی مردنەکەی نەزانراو بووە، دوای دوو ساڵ ئینجا بەخاك سپێردراوە. هەندێکی تر دەڵێن ماوەیەکی کەم بەسەر مردنی لە ماڵەکەی خۆی تێپەڕی، ئینجا شارەوانی پێی زانیوەو ناشتوویەتی. باس لەوەش دەکرێت کە لە نەخۆشخانەی ئیزمیر مردووەو کوڕەکەی مراد و کچەکەی یاسەمین لەگەڵیدابوون، واتە مردنەکەی نهێنی نەبووە کەس پێی نەزانیبێت. بەڵام ئەوەی جێگەی ڕاستی و گومان هەڵنەگرتنە ئەوەیە کە مردنی هونەرمەندو ناشتنەکەی حەقی خۆی پێنەدراوەو بەبێ ئەنجامدانی مەراسیمێکی هونەری شایستە، لەماوەیەکی کەمدا لە لایەن هەندێك کەسەوە بەخاك سپێردراوە.

سەرچاوەی زانیاریەکان
- Zeyneb yaş، Şakarên Muzika Kuedi، çildê 2، (1931- 2013)، Bajarê Mezin ya Amedê، 2015.
- Rojnameya «Agiri» Duheftinameyek Siayasi-Gisti Ye، PDK Irane diwesine، Hejmar (٢٤٤)، ٢٠١٤/١٢/٢١.
- سەگڤان عەبدولحەکیم، عەیشاشان دەنگێ کەڤنە ساڵان، گۆڤاری «ڕەنگین»، ژمارە(٢)، کانونی یەکەمی ١٩٨٧.
- ئەرشیفی ڕادیۆی کوردی – بەغدا، چاوچێکەوتنی هونەرمەند عەیشەشان بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆکە.





## مەیس حەمدان:

# ئەخلاقم تاجی سەرمە

کچە ئەکتەری ئوردنی مەیس حەمدان یەکێکە لەو هونەرمەندە ئوردنیانە لە دراما و بەرنامە کۆمیدییەکانیدا هەمیشە رەخنە لە رژێمی و سیاسەتمەداران دەگرێت و بەرنامەکانی مایەی رەزامەندی و دەستخۆشی بینەران بووە، بەڵام لە واقعدا بە هیچ شێوەیەك خۆیان لێیان بە دوور دەخات و باسی کردنی ئەم جۆرە بابەتانە نادات .

لەبەر ئەوەی هەمیشە خۆی لە باس کردنی سیاسەت بە دوور دەزانێت، لەمیانەی بەرنامەیەکی قەناتی (غد)ی لوبنانی پێشکەشکاری بەرنامەکە بە ئەنقەست ژمارەیەك پرسیاری سیاسی ئاراستە کرد دەربارەی ئوردن و لوبنان و سوریا، دەربارەی لوبنان و ئایا پشتگیری لە ٨ یان ١٤ی ئادار دەکات، مەیس وتی: من میوانی بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە، لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەوەی ئەگەر کلیلی زیندانی بە دەست کام لە سەرۆکە زیندانی کراوەکانی میسر ئازاد دەکات وتی: دادگای میسر دادپەروەرە و منیش کەسێك نیم بتوانم هیچ کەسێك ئازاد بکەم یان دەستگیری بکەم.

دەربارەی ئەو رۆژنامەنووسەی وتبووی مەیس زۆر جار گاڵتە بە سیرین عەبدولنور دەکات وتی: سیرین ئەستێرەیەکی دیارە و منیش رێگا بە خۆم نادەم باسی هیچ کەسێك بکەم، چونکە من لە ژینەگەیەك پەروەردە کراوم کە ئەخلاق و بەهای مرۆڤایەتی بە من گەیاندووە، پەروەردەیەکی وا کە ئەخلاقی خۆم بە تاجی سەرم دەزانم، بۆیە رێگا بە خۆم نادەم باسی کەس بکەم، چونکە ئەگەر باسی کەسێك بکەم، بە هەرشێوەیەك بێت، ئەوا ئەویش بە هەمان شێوە رەنگە زۆر توندتریش وەڵامی من بداتەوە.

# تایرا بانکس هەرزەکارێکی ٤٠ سـ

هەندێك لە ئەستێرە سینەماییەکان و راگەیاندنکارە ناودارەکان هەمیشە ناویان لەگەڵ لیستی خۆشەویستی و چیرۆکی ئەڤینداریی جیاجیادا هەیە، تایرا بانکسی راگەیاندنکار و سوپەر مۆدێل و بیزنکسار یەکێکە لەوانەی لە زۆربەی راگەیاندنکار و کەسایەتییە ناودارەکانی دیکە ناوی دێت و هەمیشە کە ناوی دێت باسی خۆشەویستی دێتە ئاراوە و زۆر جاریش پاڵەوانی چیرۆکەکانی دەگۆڕێت.

پێشتر پەیوەندی لەگەڵ ئەستێرەی موزیك سیل هەبوو دواتر لەگەڵ هەر یەکە لە دەرهێنەر جۆن سینگلتۆن و ئەستێرەی سینەمایی ویل سمیس، تایرای تەمەن ٤٠ ساڵ سەرەڕای پەیوەندییە زۆرەکانی لە هیچیان سەقامگیر نەبووە و پەیوەندییەکانیشی کاتی بوون و زۆریان نەخایەندووە، بەڵام ئێستا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە لەگەڵ کەسێك جێگیر بێت و دوور کەوێتەوە لەو هەموو پەیوەندییە کاتیانەدا، ئێستا چاوی بڕیوەتە ئیریك ئاسلا کە وێنەگرێکە لە هەردوو بواری مۆدە و هونەرە جوانەکان و نۆ ساڵ لێی گەورەترە، تیرا بۆ یەکەم جار بەر لە مانگێك بە ئاشکرا و بە رەسمی لەگەڵ ئاسلا بینران، دواتر چەند جارێکی دیکە بە یەوەکە بەتایبەتی لە چێشتخانەیەکی رۆژئاوای هۆلیۆد، ئەوەی جێی سەرنجی خەڵك بوون تایرا وەك هەرزەکارێك



# بریانکا حەز لە وێنە ناکات

بریانکا شۆبرا یەکێکە لە ئەستێرە جوان و سەرکەوتووەکانی بۆلیۆد و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە هیندستان و دەرەوەی و ئەوروپاش، ئەوەی سەیرە زۆربەی جەماوەرەکەی بەتایبەتی ئەوانەی لە هیندستان دەژین، حەز دەکەین پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵی هەبێت و لە نزیکەوە بیناسن و زۆریش هەوڵدەدەن وێنەی تەنیاو تایبەتی لەگەڵدا بگرن.

لە بەرامبەر ئەم خۆشەویستییەی جەماوەر و بۆ ڕێزگرتن لێیان و بێبەشنەکردنیان لە دوایین کاروچالاکییە هونەرییەکانی خۆی لە تویتەر بڵاو دەکاتەوە و بۆ ئەوەی جەماوەر لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ژیانی بن و بە بەردەوام نوێترین و جوانترین وێنەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە و لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر وێنەیەکیش کورتەیەك دەربارەی شوێنەکە یان ئەو بۆنەیەی کە بە هۆیەوە وێنەکەی گرتووە، کۆمێنتێکی بچووکیش دەنووسێت.

بەڵام سەرەڕای ئەمەش شۆبرا بێزاریی خۆی دەربڕیوە لە هەڵسوکەوتی هەندێك کەس کە دەبنە هۆی ئەوەی نەتوانێت بە ویست و ئارەزووی خۆی بە تەنیا هەندێك کات بەسەر بەرێت بەتایبەتی کە کاری نییە، ئەم بێزارییەی شۆبرا دوای ئەوە هات کە هەندێك کەس لە شوێنێکی گشتی بینیبیان و فشارێکی زۆریان خستبووە سەری بۆ ئەوەی وێنەیان لەگەڵدا بگرێت ئەگەرچی ڕازیش نەبوو، لەم بارەیەوە لەسەر پەیجی تایبەتی خۆی لە تویتەر نووسیبووی: من پێموایە کارێکی نابەجێیە کاتێك لە شوێنێکی گشتیدا دانیشتبی، یان نووستبی یان نان بخۆی، کەسانێك لەناکاو لێت بە دەرکەوێ، بێ ئەوەی ڕەزامەندی وەربگرن، من بە ڕاستی بەمجۆرە ڕەفتارانە بێزار دەبم.



## ـالانە

دەهاتە پێش چاو کە زەردەخەنە هەمیشە لەسەر لێوانی بوو وەك ئەوەی بڵێی ئەمە یەکەم جارە لە ژیانیدا خۆشەویستی بکات، هەروەها شێوە جلوبەرگەکانیشی جیاواز بوو لەوەی پێی ناسراوە و زیاتر گەنجانە بوو، مکیاژێکی ناسکی جوانیشی کرد بوو، سەرەڕای ئەمەش پروپاگەندەی ئەوە هەیە کە تایرا پەیوەندی لەگەڵ شیرڤین بیشیڤار هەبێت کە ملیاردێرێکی بە ڕەچەڵەك ئێرانییە، بەڵام لە جەژنی خۆشەویستیدا تایرا ئەم قسانەی بە درۆ خستەوە کاتێك پەیوەندی خۆی و ئاسلای دووپات کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەم ساڵ جەژنی ڤالەنتاین بە تەنیا ناکاتەوە.

# سینەما بەخششی زۆری دەوێ

**بە دەستهێنانی رۆڵی سەرەکی لە فیلمە گرنگەکان و بە دەستهێنانی خەڵاتەکان کارێکی ئاسان نییە و زۆر جاریش گرفتەکە تەنیا بە مکیاژ چارەسەر نابێ، یان دەبێ بە شێوازێکی نوێتر و جیاوازتر دەربکەوێت، بە گوێرەی ئەو رۆڵەی پێی دەسپێردرێت تەنانەت جاری وا هەیە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە لەشیان دەکەن.**
**لەم لیستەدا چەند هونەرمەندێک هەن کە گۆڕانکاریی بنەڕەتییان لە لەشیاندا کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسایەتیی رۆڵەکە بگونجێت.**



## ئان هاسوای

تۆ بڵێی رۆڵی ئافرەتێکی نەخۆش کە لەسەر جێگا کەوتبێ و چاوەڕێی مردن بکات دەبێ چۆن بێ و کێشی چەند بێ، ئەمە رۆڵی کچێك بوو بە ناوی (فانتین) لە فیلمێك کە چیرۆکەکەی لە رۆمانی (بێ نەوایان)ی ڤیکتۆر هۆگۆ وەرگیرا، ئەستێرەی سینەمایی ئان هاسوای رۆڵەکەی پێ سپێردرابوو و بۆ ئەوەی بە تەواوی گوزارشت لە کەسایەتییەکەی بکات پێویست بوو ١١ کیلۆ گرام لە کێشی کەم بکاتەوە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، ئان ٧ کیلۆگرامی تەنیا لە ماوەی ٢ هەفتە دابەزاند بە هۆی پەیڕەوکردنی ریژێمێکی خواردنی تایبەت، هەروەها سیستمێکی تایبەتی بۆ شوشتنی لەشی پەیڕەو کرد، ئەمەش یارمەتی دا بۆ ئەوەی بەشێکی دیکەی کێشی کەم بکاتەوە، ئان تەنیا قوربانی بە لەشی خۆی نەدا لەپێناو هونەر، بەڵکو قژی خۆیشی کردە قوربانی و قژە درێژەکەی بڕی، ئەم کارەیشی وایکرد لە چەند فیلمێکی دواتری ئەم جۆرە ریژێم و سیستمەی خواردن پیادە بکات وەك The Devil Wears Prada و The Dark Knight Rises.



## جنیڤەر هادسۆن

دوای بەشداریکردنی لە بەرنامەی (ئەمیرکان ئایدڵ) و سەرکەوتنی لە کارەکانی، هادسۆن بووە نموونەی ئیرادەی بەهێز و پسپۆڕێکی نموونەیی دەربارەی هەر شتێك کە پەیوەندیی بە جوانی و لەش رێکیێ هەیە، چونکە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گۆڕانکارییەکی سەرەکی و بەرچاوی بەسەر شێوە و روخساری خۆیدا هێنا، بە هۆی هارلی پاسترناکی راهێنەری، بەمەش هادسۆن توانی بەشداری لە فیلمی Win-nie Mandela بکات کە باس لە ژیانی هاوسەرێتی سەرکردەی کۆچکردوو نیلسۆن ماندێلا دەکات، هادسۆن بە شێوەیەك کێشی خۆی دابەزاند کە بتوانێت جلوبەرگ بە پێوانی ٦ لەبەر بکات، کە پێشتر ١٦ی لەبەر دەکرد، هەروەها بەشداری لە بەرنامەیەکدا کرد کە تایبەت بوو بەو کەسانەی دەیانەوێ کێشیان دابەزێنن، دواتریش لە ساڵی ٢٠١٢ کتێبێکی چاپ کرد بۆ ئەوەی ریکلام بۆ ئەو ریژێمە خۆراکییە بکات کە خۆی پیادەی دەکرد و بە هۆیەوە کێشی زۆر دابەزی.



## بیونسێ

کچە ڕەشتاڵە سەرنجڕاکێشەکە تەنیا بە دەنگەکەی جەماوەری نەهێناوەتە جۆش و خرۆش، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٠٦بەشداری کرد لە فیلمی Dreamgirls و زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بۆ بەشداریکردنی لەم فیلمە و لە ماوەی تەنیا دوو هەفتە توانیی ١٠ کیلۆگرام لە کێشی کەم بکاتەوە، ئەوەش بە هۆی پەیڕەوکردنی ڕیژیمێکی توندی خواردن کە زیاتر پێکهاتبوو لە شەربەتی لیمۆ و بیبەر بۆ ئەوەی لە کاتێکی زۆر زوودا کێشی دابەزێت.



## ناتالی پۆرتمان و میلا کونیس

ناتالی پۆرتمان و میلا کونیس بۆ بەشداریکردنیان لە فیلمی(The Black Swan ) کە فیلمێکی درامییە و لە ساڵی ٢٠١٠ نمایش کرا، هەریەکیان زیاتر لە ٩ کیلۆگرام کێشیان دابەزاند، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی سەماکاری بالێ ببینن و لە کۆتاییدا ناتالی خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێنا وەك باشترین ئەکتەری کچ، ئەم دوو ئەستێرەیە ڕۆژانە ٥ کاتژمێر مەشقی بەردەوامیان دەکرد، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی کێشیان، کونیس دانی بەوەدا ناوە کە لەکاتی وێنەگرتندا هەمیشە هەستی بە برسیەتی دەکرد، هەر بۆیەش زۆر جار دەرهێنەرەکەی لە کاتی وێنەگرتندا خواردنی لەگەڵ خۆی دەهێنا .

## ڕینێە زیلۆگەر

زیلۆگەر بەوە ناسراوە کە ڕازییە شێوە و ڕوخساری خۆی بە هەموو شێوەیەك بگۆڕێت لە پێناو سەرکەوتنی لەو ڕۆڵەی کە پێی دەدرێت، ئەگەر قوربانیدانێکی زۆریشی بوێت، زیلۆگەر بە پێچەوانەی زۆر لە ئەستێرە سینەماییەکانی دیکە کێشی خۆی بە بڕی ١٠ کیلۆگرام زیاد کرد، بۆ ئەوەی بە لەشێکی پڕ و نارێك دەربکەوێت لە فیلمی کۆمیدی و ڕۆمانسی بەناوبانگ «Bridget Jones's Diary»، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کورت بەشداریی لە فیلمی (Chica-go)دا کرد کە فیلمێك بوو زۆر گۆرانی و سەمای تێدا بوو و توانیی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت و پاڵێوراو بوو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ لە فیستیڤاڵی ئۆسکار ساڵی ٢٠٠٢، دواتر بە پەیڕەوکردنی سیستمێکی بەهێزی خواردان و ئەنجامدانی وەرزش بەتایبەتی ڕاکردن بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێك گەڕایەوە سەر کێشی سرووشتیی خۆی.

